## سیاسەتی ئابووریی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستانی داگیرکراو و قسەکانی بەرپرسانی دەوڵەتی داگیرکەر لە کوردستان

ئیسماعیل نەجار پارێزگاری* پارێزگەی کوردستان رۆژی یەکشەمەی مانگی پەنجی 1387 لە کۆبوونەوەی شورای شاری کامیاراندا دەڵێت: *"سیاسەتی سەرەکی دەولەت لە پارێزگای کوردستان پێکهێنانی هەلێکە بۆ پێشخستنی ناوچە دواکەوتووەکانی کوردستان"، ئەو پێی وایە رەوندی زیادبوونی ئەعتباراتی ئاوەدانی کوردستان نیشاندەری تێکۆشانی دەوڵەتە بۆ قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویەکانی ئەم پارێزگەیە، بەو شێوەیە"کوردستان جێگەیەکی تایبەتی هەیەبۆ دەوڵەت"*

سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستانی داگیرکراو درێژەدەری هەمان سیاسەتە کە دەوڵەتی رەزاخان و مەحەمەد رەزا پەهلەوی دەرحەق بەگەلی کورد ئەنجامیان داوە، ئەو سەردەمەش جگە لە پرۆپاگەندە و بەڵێنیدان بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان هیچ پرۆژەیەکی ئابووریی گرینگ و ئیستراتیژیک لە کوردستان بە درێژایی تەمەتی دەستەڵاتی داگیرکەری دەوڵەتی پەهلەوی بە ئەنجام نەگەیشت، هەر بۆیە جووتیاران، کرێکاران، بازاریان، کاسبکاران، دامودەستگاکانی ئیداری و بارهێنان، بەشی تەندروستی، رێگاوبان و ... و ... هەموو کاتێک چاویان لە دەستی دەستەڵاتدارانی تاران بووە، قەت پروژەیەکی گرینگ کە بتوانێت ببێت بە ماڵ بۆ خەڵکی رەشورووتی کوردستان بە ئەنجام نەگەیشت کە ئەو خەڵکە لە سەر خاک و زێدی خۆیان ببن بە خاوەنی دەستەڵاتی ئابووری.

تەنانەت لە گەڵ پرۆژە درێژماوە و ئیستراتیژیکەکانی دەستمایەدارانی کورد لە کوردستان مەوافقەت نەکراوە، هەر بۆیە زۆربەی دەستمایەدارانی کورد لە ناچاریدا لە شارەکانی ئێران وەکوو تاران، تەورێز و قوم کۆمپانیاکانیان دامەرزاندووە، کرێکاری کورد بەدرێژایی تەمەنی داگیرکەران مەجبور بووە ماڵومنداڵی بەجێ بهێڵێت و روو لە شارەکانی تەورێز، ئیسفهان، هەمەدان و ئەوانی دیکە بکات.

پاش سێ ساڵ دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ئەمرۆ بەرپرسی پارێزگەی کوردسان دەڵێت <u>"سیاسەتی سەرەکی دەوڵەت قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویەکانی ئەم پارێزگەیە، وکوردستان جێگەیەکی تایبەتی بۆ دەوڵەت هەیە"،</u>

پارێزگاری کوردستان و بەرپرسانی دەوڵەتی داگیرکەر دەزانن خەڵکی کوردستان توانای لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی قسەکانی ئەوانیان هەیە، بەڵام لە خۆگێلکردنی لووتبەرزیاندا هەوڵدەدەن بە زمانێك بدوێن کە هەم سووکایەتی بە نەتەوەی بندەست بکەن و هەم خۆیان بێ تاوان بەرانبەر ئەو گیروگرفتانە نیشان بدەن. هەر بۆیە حەسن ئەحمەدی بەرپرسی ئیدارەی تعاونی شارستانی کامیارانیش دەڵێت: "شاری کامیاران بە شرکەتی ئەشتراکی ئاکتیو و خاوەنی ١٦٥٣٠ ئەندامە، کەدەستمایەکەی ٠٠٠ ٠٠٠ ٣٢٥ ١ ریاڵەو هەروەها ٠٠٠ ٠٠٠ ١٢٠ ١ ریاڵیش زخیرەیان هەیە". هەروەها دەڵێت: "لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا توانییانە.٠٠٠ ٠٠٠ ١٣٠ ١ ریاڵ قرض الحسنە بە خوازیار بدەن".

گوایە بەم شێوەیە گەشە بە کەشتوکاڵ لە ناوچەی کامیاران دەدەن، کاتێک حیسابی بکەی بە هەر خوازیارێک بڕی ٠٠٠ ١٣٠ ١ ریاڵی پێدەگات، لە کاتێکدا کیلۆیە گۆشت لانی کەم ٠٠٠ ٦٠ ریاڵە، بەم مانایەکە بە هەر ئەندامێک بڕی نیزیک نـوزدەکیلۆ گۆشت گەیشووە!

هەر بەپێی قسەکانی حسن ئەحمەدی بەرپرسی ئیدارەی تعاونی شارستانی کامیاران دابەشکردنی بڕی ١٦٧ تون ئارد ٠٠٠ ٠٠٠ ٢ لیتر نەوتی گاز، ٠٠٠ ٤٠٠ ٤ لیتر نەوتی سپی، ١٦٠ تون قەند و شەکر یەکێکی تر لە پروژەکانی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی کامیارانە لە چوارچێوەی لۆتف و مەرحەمەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە گەلی کورد!

ئەمە یەپروژەی گەشەو ئاوەدانی دەوڵەت لە ناوچەی کامیاران بۆ ٧٩٠ کەس لە خەڵکی ناوچەکە، بێشک ئەمە نموونەیەکی بەرچاوە لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، ئەمەیە جێبەجێکردنی یەکێک لە *سیاسەتە سەرەکیەکانی دەولەت لە پارێزگای کوردستان بۆ پێشخەستنی ناوچەکە لە دواکەوتوویی"* کە ئاغای ئیسماعیل نجار پروپاگەندی بۆ دەکات و بەرپرسی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لە ناوچەی کامیارانیش بەئەنجامی دەگەیەنێت!

راگرتنی گەلی کوردستان بەشێوەی کۆمەڵگایەکی مەسرەفیی بۆ داگیرکەرانی کوردستان گرینگیی تایبەتی هەیە، هەر بۆیە هیچ کات هیچ کامە لە دەوڵەتانی داگیرکەر بۆ پیادەکردن و دامەرزاندنی ژێرخانی ئابووری کوردستان پلانیان دا نەناوە، بەڵکو بە دانانی پروژەی بەخشین و ئەحسان و سەدەقە لە ژێر نێوی پروژەی ئابووریدا بە داگیرکاری خۆیان

درێژە دەدن، و هەر ئەمەیش هۆیەکە بۆ ئەوەی کە خەڵکی کورد نەتوانێت لە کاتی نارەزایەتیە مەدەنیەکانی خۆیدا بەرامبەر بە داگیرکەران زەرەرێکی ئەوتۆ بە دەسەڵاتدارانی تاران بگەیەنێت. داگیرکەرانی کوردستان چاک دەزانن کەپرۆژەکانیان تەنها داپۆشینی برینەکانی ئەم گەلەیە.

کوردستان بە ئەنقەست لە ڕووی پیشەسازییەوە دوا دەخرێت و هەروەها لە ڕووی کشتوکاڵەوە بە دواکەوتووی دەهێڵرێتەوە چونکە مەبەستی سیاسیی لە پشتەوەیە. بۆ نموونە بەپێی ڕاپورتی ئاژانسەکانیی ئێران مەسعود میرکاظمی وەزیری بازرگانی دەوڵەت دەڵێت "*ئێران ساڵانەیازدەملیۆن تۆن گەنم مەسرەفی ناوخۆیی هەیە، کەشەش ملیون تۆنی لە ئێران بەرهەم دێت، بەم پێیە ئێمەپێنج ملیون تۆن گەنم دەبێت وارید بکەین*"

هەروەها بەپێی ئاماری فەرمیی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد ئێران ئەم ساڵ پێویستی بە چوار تا شەش ملیۆن تۆن گەنمە کە لە وڵاتانی دەرەوە بیکڕێت. یەک ملیۆن تۆن لە ئامەریکاوە، یەک و نیۆ ملیۆن تۆن لە کاناداوە، یەک و نیو ملیۆن تۆن لە دەریای ڕەش و یەک ملیۆن تۆن لە ئۆروپاوە وارید دەکات. و لە مامەڵەیەکی پێنجسەد هەزار تۆنشیدا لە گەل ئۆسترولیادا.

ئەگەر دەوڵەت وەکوو هاووڵاتیی (شارۆمەندی) دەرەجە دووش لە کوردستانی بڕوانایە هێندەی پارە لە کشتوکاڵدا دەخستە گەڕ کە کوردستان هیچ نەبێت ئاستێکی بەرهەمهێنانی لە ڕووی کشتوکاڵەوە هەبێت، و بەو شێوەیە قازانجێك بە ئێرانیش بگەیەنێت. بەڵام ئەوی لە مێشکی داگیرکەردا نییە ئاوەدانکردنەوەو پێشخستن و گەشەیە. ئەوان دەزانن کە لە سەر ئەنجامدا ئەو پێشکەوتنە مەرگی حەتمیی ئەوان دەبێت. دیارەئێمەدژ بەو داگیرکردانەو لە پێناوی کوردستانێکی ڕزگار و ئازاددا درێژەبەخەباتی خۆمان دەدەین.

*سیاسەتی ئابووریی ئێمە، پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) لە پیرەووپروگرامی ئێمەدا بەم جورە دەڵێت:*

**بڕگەی بیستوهەشت:** سیاسەتی ئابووریی ئێمەی سۆسیالدیموکرات بە ڕەسمی ناسینی سەرمایە و سەرمایەگوزارییە لە کوردستان، بەڵام لەو بەرەسمیناسینەدا ئێمەمەرجگەلێکمان هەن کە خەتی ئایدیۆلۆژی پارتی لە ئی کۆنسەرڤاتیڤ (بەپارێزەکان) و لیبرالەکان و جۆرەکانی دیکە لە ئایدیۆلۆژیمان جیا دەکاتەوە.

ئێمە دەمانەوێت سەرمایەو سەرمایەگوزاریی بەرپرسیاریی و ئەرکی خۆیان بەرانبەر بە دەوڵەت و بەحوکمەت هەڵبگرن. ئەمەگەلێك مانای سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و لایەنی دیکەی هەیە. ئێمە وەکوو سۆسیالیستدیموکرات، هەروەك چۆن خوازیاری کۆمەڵگایەکی هاوبەشین کە هەموو لایەنێك بەرپرسیاریی خۆی هەڵبگرێت، هەروەها ئەو پرینسیپە دەبێت سەرمایە و سەرمایەگوزاریی بگرێتەوە.

بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە دانی باج و ماڵیات بە پێی یاسا، ڕێزگرتن لە لایەنەکانی یەکێتی کرێکاریی و سەندیکاکان، ڕێزگرتن لە یاسای پاراستنی مافی کرێکاری و کار بەو شێوەیەی کە لە کوردستان دیاری دەکرێت، و هەروەها ڕێزگرتن لە یاساکانی ژینگە، بەشێکی کەمن لەو یاسابەندی و ڕێسابەندی و چوارچێوەیەی کە ئێمە وەکوو سۆسیالیستدیموکرات دەبێت پابەندی بیین و دەمانەوێت بیچەسپێنین.

ئێمە لە گەڵ سەرمایە و سەرمایەگوزاری و بازاڕیکی ئازاد داین کە بە دەستوور و بە یاسای حوکمەتی دیموکراتیك جڵەو کرابێت و قابیلی گفتوگۆ لەسەرکردن بێت.

ئێمە هەروەها لە گەڵ ئەوەداین کە دەوڵەت بتوانێت لانی هەرکەم ٪٥١ تیرەی (سەهمی) لە بەشی زۆربەی ئەو سەرچاوەو کۆمپانیا و بنکە پیشەسازیانەدا بێت کە لە ڕووی نەتەوەییەوە ناسکن و بۆ کۆمەڵگا گرینگن بۆ وێنە؛ نەوت، ئاو و کارەبا و کانە سرووشتیەکان هەروەها بەشە خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگا وەکوو بۆ وێنە؛ بێهداشت، تەندروستی و خوێندن.

ئەو دەم دەوڵەت وەك خاوەنکارێك پابەندی هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانە دەبێت کە سەرمایە و سەرمایەگوزاریی دەگرنەوە. ئەمە پاشەکەوتێکە کە ئێمە بۆ منداڵانی ئێستا کە گەورەساڵی ئاییندەن، دەیکەین. ئێمە قبووڵمان نییە کە هەموو پارەو سامانێکی ئێستا بەسەوزی بخوردرێت و سەرف بکرێت بێ ئەوەی پاشەکەوتی ئاییندەیی بۆ کۆمەڵگا و بۆ خاکی کوردستان بکرێت.

بەو شێوەیە ئێمە هەوڵدەدین تا دەکرێت کۆمەڵگای کوردستان بەپیشەسازیی بکەین و سەرمایەی تیادا بخرێتەگەڕ و بانکی دەوڵەتیی و تایبەتیی کەجێگای متمانەو سەند بن برەویان هەبێت، بەڵام هەموو ئەمانە لە ناو چوارچێوەی یاسا و ڕێسا بەندیدا کە کۆمەڵگا بتوانێت سوودی بەرچاو و دروستیی خۆی ببینێت. هاوکات ئەم چوارچێوەیە هەروەها بەمانای مافیش دێت بۆ سەرمایە، سەرمایەگوزاریی، سەرمایەداران و خاوەندارێتیی، چونکە ئەرکی دەوڵەتیش گەرانتیکردن، پاراستن و پێشخستنی هەلە لەو بوارانەدا کە بۆ ئەوان گرینگن.

*** مەبەست لە پارێزگای کوردستان تەقسیماتی دەوڵەتی ئێرانە، کە مەبەستی شاری سنەو کامیاران و هتاد.**

هێرش عەلیزادە

٢٠٠٨/٨/٢٣

بەشی پێوەندیەکانی پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)